Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.25 04:09:28 +01'00'

# بۆ؟

دڵنیـام هـەمووتان چیـرۆكی مووسـا و شـوانتان لـە بـیرە. شـوان لـە روانگـەی خۆیـەوە خـوای دەدی و خۆشـی دەویسـت. منـیش حـەز دەكـەم وەك ئـەو شـوانە خـوا لـە روانگـەی خۆمەوە ببینم و دەردەدڵی لەگەڵ بكەم.

## پیاسەیەك لەگەڵ خوا

ئیمـەیل و پـیئـێم نـەبوو، تەلـەفۆن و فاكسـیش نـەبوو، خـەونێك بـوو. لـەو خەونـەدا دەنگێكـی زۆر خـۆش وتـی: ئەتوانـم داوات لـیٚ بكـەم قاوەیـەك پێكـەوە بـخۆین و پیاسەیەك بكەین؟

وتـم: ئێوە؟

وتی: خوا!

رامـام، سـەرم لـیٚ سـوورٍ مـابوو و چاوەكانـم خـەریك بـوو هێلانـەی خۆیـان بـەجیٚ دەهێشت و بە ناباوەڕییەوە هەڵماسیبوون.

وتی: ئەزانـم منـت بـە زانسـت و ئاگـایی ناسـیوە و ئەزانـم خۆشـمت دەویٚ. ئەشزانـم كـە ئـەزانی چـەندە زانـا و توانـام. بـۆ سـەرت لـیٚ سـوورٍ مـاوە؟ پێـت وایـە مـن ناتوانـم پیاسەیەكت لەگەڵ بكەم؟

وتـم: بۆ نا؟ ئەزانـم كە نەتوانیـن لە تۆدا نییە، وەڵڵا دێم.

پیكەنی و وتی: بە ناوی منـیش سـوێند ئـەخۆی، زۆر چـاكە وەعـدی ئێمـە لـە شـەقامی خەونە جوانەكان، بەر كافەی بەهەشت.

وتـم: كەی؟

وتی: سەعاتی ٢٥ و چارەك. باشە؟

وتـم: باشە.

لە فكرا بـووم چـی لـە بـەر كـەم؟ دەسـتێك جلـی جـوانی كـوردیم هەڵبـژارد لـە رەنگـی شینی ئاسـمانی كە بۆ من رەنگـی ئـارامش بـوو. دوودڵ بـووم لەچـك بكـەم یـا نـا؟ بڕیـارم دا لەچك و چارشێو نەكەم.

سەعاتی ٢٤ نزیك دەبۆوە و دڵی من تەپە تەپی دەهات، خەوم لیٚ كەوت.

کە چاوم هەڵێنا سەعات ٢٥ و دە دەقە بوو. بە راکردن رێکەوتــم.

نەمدەزانی چۆنە و چی دەبیــنم. زۆرتر لە بیری ئاگرەکەی کێوی تووردا بووم.

سەعات ٢٥ و چــارەك بــوو. لــە بــەر کافــەی بەهەشــت باڵابــەرزێك وەســتا بــوو و پشــتی لە من بوو. ناو کافە پــڕ بــوو لــە خــەڵك، لای خــۆم وتـــم ئەشــا ئــەم خوایــەش. چــۆن مــنی خستە سەر کار؟ ئەوە ٢٥ و چارەکە، بزانە هیچ ئەسەری دیارە؟

من ئەملاولام بۆ نوورێك یان ئاگرێك بە چاو دەپشکنی.

لە ناکاو باڵابەرزەکــە لای کــردەوە، ترپەیــەك لــە دڵــم هــات، نازانـــم چــی بــوو؟ ژن بــوو یان پیاو؟ بەڵام من هەستم دەکرد پیاوە.

بۆم باس نــاکرێ، تــەنیا لــە بیـــرمە بــاڵای بــەرز و دەنگــی خــۆش بــوو. زەردەخەنەیــەکی کرد و وتی: هاتی؟

سەرێکم راوەشاند و بێ هیچ وتارێك وڵامم دا: بەڵێ.

وتی: لە دڵی خۆتا پرتــەپرتی چــیت بــوو؟ ئــەتوت بزانــە هــیچ ئەســەری دیــارە؟ یــانی تــۆ هیچ ئەسەری منــت نــەدەدی؟ خانـــمی عــەزیز دنیــا هــەمووی ئەســەری منــە. خــۆ تــۆ بــە لای خــۆوە فیزیۆپاتۆلۆجیــت خوێنــدووە. منــت لــە نــەزمی جەســتەی مرۆڤــدا دۆزیوەتــەوە. لە بیــرتە؟

وتــم: وایە، داوای لێبوردن ئەکەم.

وتی: دڵنیا بە بووراوی... راستی پرسیارێك، عاشقی منی؟

وتـــم: دەمێـــك بـــوو عاشـــقت بـــووم، عاشـــقی زانســـت و نـــەزم و عـــەقڵت، ئێســـتاش عاشقی جوانیتم.

وتــی: رەنگــی شــینی ئاســـمانیت لــێ جوانــە، ئــەزانی بــە رای مــن جوانتـــرین رەنگــە؟ بۆیە ئاســمانــم لەو رەنگە دروست کردووە.

وتـــم: منـــیش زۆر پـــێم جوانــە، لـــە ســەیر کردنــی ئاســـمانە شـــینەکەت هەســت بـــە ئارامش دەکەم.

وتــی: ئــارامش؟! لــە روانگــەی مرۆڤەکانـــمەوە ئــارامش زۆر جیــاوازە، تــۆ چــۆنی لــێ تێدەگەی؟

وتـــم: ئـــارامش یـــانی توانـــایی فـــڕین و بـــەرزتر و عاقڵانـــەتر فـــڕین. بـــۆ مـــن یـــانی نەوەسـتان. وەك مـەلێك هـەر هـەڵفڕم بـۆ لقێكـی بـەرزتری داری ژیـان. ماوەیـەك دانیشـم، زانستم زیاتر كەم، جا بفڕێـمە سەر لقێكی بەرزتر.

زەردەخەنیـەیێكی كـرد و وتـی: هـا... هـا لـە بیرمـە تـۆم وا دروسـت كـرد. وەكـو ئـاو روون، بـەڵام ئەگـەر لـە شـوێنێكدا زۆر بـــمێنیتەوە دەپڕوكێـی و بـۆن دەكـەی. بۆیـە دەبـێ هەر لە جم و جووڵدا بی.

وتـم: بـەڵێ سـەرێكی چـاك پـڕ شـۆر و هـەرات پـێ داوم، باشتـــر نـەبوو بـەم رووحـەوە بتكردمایە بە پیاو؟ پێم وایە كێشەم كەمتـر دەبوو.

سەرنـــجێكی دام و وتـــی: لـــە ژن بوونـــت نارِازیـــت؟ مرۆڤـــی حیســـابی! مـــن هـــەر لـــە ئانقەس تۆم ژن خـەلق كـرد. ژنـیش یەكێكـە لـەو خیلقەتانـەم كـە خـۆم زۆرم بـە دڵـە و بـە شاكاری دەزانـم.

وتـم: بە راست؟

وتی: ئەها!... ئەمەش لەو قسانەیە. ئاخر مەگەر خواش درۆ دەكا؟

وتـم: ئاخ خ خ خ، دیسان ببورە. بەڵام ئەزانی بۆ وا پێم سەیر بوو؟

وتی: بۆ؟

وتـــم: پیاوەكـــان چـــەند هـــەزار ســـاڵە دەمـــانكوتن، دەڵـــێن خۆیـــان هەڵكەوتـــە و هەڵبــژاردەن و ئێمــە عــەقڵمان كەمــە. دەمانچەوســێننەوە، ژیانیـــان لـــێ تـــاڵی كـــردوین. باوەڕكە خوایە ئێستا بـۆ دیـداری تـۆ نەبوایـە، خـۆ مـن لـەم ئێرانـە نەمـدەوێرا بـێ لەچـك بێمە دەر، هەزار تۆمەتیان بۆ ساز دەكردم و...

نەیهێشـت قسەكانـــم تـــەواو كـــەم، وتـــی، هـــیچ ئـــەم بەشـــەی قســـەكانتم بـــە دڵ نـــەبوو. چییە پرتە و بۆڵە دەكەی؟ مرۆڤی خۆم، بەس پیاوەكان مەكوتە، خەتای خۆتان ژنانە.

وتـم: ئەها!!... ئەمەش قسەیەكی پیاوسالارانە بوو. نەكا تۆش پیاوی؟

پێكەنی و وتـی: نـا، بـەڵام مـن ژن بـە شـاكاری خیلقـەتی خـۆم دەزانـــم، بڕوانـە بـە ژن توانـــایی منـــداڵ بـــوون و دایكێتـــیم داوە، ژنـــم كردۆتـــە نوێنـــەری میهرەبـــانی خـــۆم. هـــەر وەهـــاش ژن سەرچـــاوەی تەحـــەمول و تاقەتـــە لـــە بەرامبـــەر دەرددا. ئێـــوە نـــەبن خـــۆ پیـــاو تەنانەت ژیانیشـی دەسـت پـێ ناكـا. بـەڵام بـۆ دەڵـێم خـەتای خۆتانـە؟ بـۆ ئـەوەی خۆتـان پیاوان دژ بە خۆتان رادەهێنن.

وتـــم: ئـــاخر ژنـــیش دەســـتکرد و راهـــاتووی سیســـتەمی پیاوســـالارییە، خـــۆی وا پـەروەردە دەکرێـت کـە کۆیلـەتی بـە چارەنووسـی داسـەپێنراوی خـۆی بزانـێ. پیاوسـالاری ژنی کۆیلە رادەهێنێت و ژنی کۆیلەش پیاوی سالار تەربیەت دەکا.

وتی: بەڵام من شتی تریشم خەلق کردووە.

وتـم: وەك چی؟

وتی: جەسارەت و راپەڕین. من بە مرۆڤـ چ ژن و چ پیاو جەسارەتـم داوە.

ئەگەر جەسـارەتتان نەبوایـە، هێشـتا هـەر دانیشـتووی ئەشـکەوتەکان بـوون. راپـەڕن لـە خۆتانەوە دەست پێ بکـەن. ئـەو ئەڵقـە داخـراوە بپچـڕێنن، کـوڕان دژ بـە خۆتـان پـەروەردە مەکەن. مرۆڤـ پەروەردە کەن، چ کوڕ بێ چ کچ.

وتـم: وەکـو سـیمۆن دوبـوار دەڵـێ: ژن، ژن لـە دایـك نابـێ، کۆمـەڵگا دەیکـات بـە ژن؟ راستی تۆ سەبارەت بە سـیمۆن دوبـوار رات چـییە؟ راسـتە دەڵـێن لـە قیامەتـدا هـەر کـەس موسوڵمان نەبێ، دەیـخەیتە جەهەنەم؟

خوا قاقا دەستی کرد بـە پێکەنیـــن و وتـی: بـە راسـتی تـۆ وا لـە عەقڵییـەتی مـن تـێ دەگـەی؟ جەهەنـەم بـۆ مرۆڤـی زانـا و ئـازا؟ سـەبارەت بـە سـیمۆن دوبـواریش، بـا بزانـی یەکێکە لەو ژنە ئازا و جەسوورانە.

وتـــم: زۆر جالبـــە، بـــە راســـتی مرۆڤـــ باشـــە خـــۆی هـــەوڵ بـــدات بتناســـێ. زۆر جیـــاواز لەو شتە تووڕە و ئـاگر بـە دەسـتەی دەتبیـنم کـە وایـان پـێ ناسـاندووم کـە دایـم ئامـادەی مرۆڤـ بە ئاگر سزا بدەی. زۆر میهرەبانی، زۆر زانا و تێگەیشتووی، زۆر...

زەردەخەنەیـەکی کـرد و وتـی: باشـە باشـە، هـەر چـەند هەسـتیش یـەکێك لـەو شـتە جوانانەیە وا خەلقم کردووە، بەڵام زۆریش ئیحساساتی مەبە.

وتـم: پرسیارێك...

وتی: فەرموو...

وتـم: سەبارەت بە جوانی رات چییە؟

وتی: خـۆم سەرچـاوەی جـوانیم، جوانیشـم خـۆش دەوێ، پـێم خۆشـە مرۆڤەکانـم جـوانی بناسن، چ لە دەروون و چ لە جەستەدا. پێم خۆشە جوان، جوانی بە کار بێنن.

وتـم: سەبارەت بە ئازادی چی؟ پێت وایە دەبێ مرۆڤـ ئازاد بێ؟

هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و وتـی: ئـازادی ی... لای مـن چـەمکێکی زۆرخۆشەویسـتە. دیـارە دەبـێ مرۆڤـ ئـازاد بـێ، نابـێ ئـازادی لـە مرۆڤـ بسـتێنینەوە بـە هـۆی ئـەوەی بڕێك نـازانن چـۆن کـەڵکی لـێ وەرگـرن. بـەڵکو ئـەبێ کولتـووری دروسـت کـەڵك وەرگـرتن لە ئـازادی پـەروەردە بکـەن. جـا مرۆڤـەکان خۆیـان دەزانـن. بـێ گومـان سـنووری ئـازادی پاراسـتنی مـافی ئـازادی تاکـەکانی تـرە. مرۆڤـ دەبـێ بگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە چـەندە ڕێزی ئازادی خۆی دەگرێ، ڕێزی ئازادی مرۆڤەکانی تریش بگرێ.

پێکەنیم وتـم: وەڵـڵا خوایـەکی دیـموکراتی، دەی باشـە دەمـەوێ بزانـم سـەبارەت بـە عەشق چی دەڵێی؟

وتی: من خۆم عاشقم.

وتـم: عاشقی چی؟

وتی: عاشقی تەواوی ئەو شتانەی کە عاشقانە خەلقم کردوون.

وتـم: پێم وایە ژنـت وەفـادار لـە عەشـقا خـەلق کـردووە و پیـاویش کـەم وەفـا یـان بـێ وەفا. زیاتر بەو شێوەی کە شوێن لەزەتی کاتی دەکەوێ.

وتی: بێ ئینساف مەبە پیاوی وەفاداریش هەیە، نـموونەی مێردەکەی خۆت.

پێکەنیم و وتـم: جا خۆ راستیش ئەکەی بەڵام...

قسەکەمی پچڕاند و وتـی: وەفـاداری ژن لـە عەشـقا، بەشـێکە لـەو شـاکارەی وا لـە ژنـا بەدیم هێناوە.

وتی: کات درەنگە. مۆڵەتـمان خەریکە تەواو دەبێ.

وتـم: چەن خولەکی تر راوەستە. چەند پرسیارێکی ترم هەیە.

تـماشایەکی سەعاتەکەی کرد و وتی: بەڵام بە خێرایی.

وتـم: سەرم لێ شێواوە.

وتی: بۆ؟

وتـم: من دەمەوێ بڵێم **بۆ**؟؟

وتی: چۆن؟

وتـم: تـۆ بـەم هـەموو زانایيـە، توانايیـە و... بـۆ لـە لایـەن تـۆوە دەڵـێن ئێمـەی ژنـت نیوەی پیـاو دانـاوە؟ بـۆ دەڵـێن ئێمـە دەبـێ، لـە بـەر ئاسایشـی پیـاو خۆمـان داپۆشیـن؟

مەگەر هەتاو تەنیا بۆ پیـاوە؟ ئەگـەر پیـاو خـاوەنی ڕێـز و عەقڵـە، ئـەی ئـەوە چ عەقڵێکـە کە بە پرچی ژنێك هیچی لێ نامێنێت؟ بۆ پیاو ئەوەندە ماف و ئازادی هەیە؟

خوا بـە میهرەبانییـەوە سـەیرێکی کـردم و وتـی: ئـەزانی کـام خیلقـەتی خـۆم لـەم دنیـا لە هەمووی خۆشتـر دەوێ و لام بەڕێزە؟

وتـم: کامیان؟

وتی: عەقڵ.

دیسـان سـەیرێکی سـەعاتەکەی کـرد و وتـی: هـەر کـات پرسـیارێکی وات بـۆ هاتـە گۆڕێ، لە عـەقڵی خـۆت کـەڵك وەرگـرە. ئـیتر زۆر درەنگـە. فریـای قاوەکـەش نەکەوتیـن. من دەڕۆم، بەڵام برێـك لـەو پرسـیارانەت بـۆ کـاتی ئـازاد بوونـت لـە جەسـتە، ئـەو کاتـەی هاتیتەوە لای خۆم. کاتی پڕ ڕاز و شکۆی مەرگ. باشە؟

وتـم: باشە، هەر کە هاتـم زوو پرسیار ئەکەم **بۆ**؟

پـێش ماڵئـاوایی گۆنـامی بـە میهرەبـانی گـرت و وتـی: ئـەم ژنـە بزێـو و شـەیدا و نەوەستاوەم کەی دروست کرد؟ ها... لە بیرمە. مانگی خەرمانان بوو.

جا ماڵئاوایی کـرد و بـە زەردەخەنەیـەك ڕۆیشـت. نیگـام هـەر مەسـتی جـوانی و عـەقڵ و شکۆی بوو...